مـــارکس و لـینیـــن و پرســـی هەرەوەزی.. سـڵام عـبدوڵـا

(1)
سـ کوچکەی کاری شیوعی و چەپ بریتیە لە(حزب، سەندیکا و کاری هەرەوەزی)، بەڵام لە هیچ یەکیان بڕەومان نیە. لـڕە تـڕوانینی مارکس، ئەنگلس، لینین و سـیالیستەکانیتر دەخەینەروو سەبارەت بە کاری هەرەوەزی.
کاری هەرەوەزی پـش و لە سەردەمی مارکس و لینین تا ئـستا(قـناغی سەرمایەداری جیهانگیر)، بووە بە پرسی مـژوویی و مـدـلی نوـی مرـقایەتی دژ بە سەرمایەداری لە بەرزترین قـناغی(ئیمپریالیزم). بەداخەوە پاش نزیکە تـپەـبوونی 6 ساـ لە کاری شەوو رـژمان بـ سەرخستنی بیر، کار، چالاکی، پەیوەندی و کلتووری هەرەوەزی بە هەموو هەـە و نوقسانی و ژـرکەوتن و سەرکەوتنەکانی، بەـام هـشتا لە هەنگاوی یەکەمین و نەمانتوانی لە ناو شاری خانەقین هەنگاوی دووهـەم دابنـین و لـە ئاستی شارەکـان کـاری تیئـری و عەمەلـی لەبارەیەوە ئەنجامنەدرا.
ئەتوانم بـڵم(هەوـەکانمان سەرنەکەوت) و هـکارەکان ئەگـڵـنەوە بـ نموونە بـ: 1- پەراوـزخستنی لە ئاستی پەروەردەو راگەیاندن. 2- خـدزینەوە لەم ئەرکە. 3- بایەخدان بە کار و چالاکی سازشکردن. 4- دەیـان کـادر خـی تەرخـانکردووە بـ کـاری رـکخراوەکـانی(کـمەـگەی مەدەنـی)و راگەیاندنی"سـەربەخـ". 5- کەسـانی نـەزان و بـ ئاگـا و دووـوو و فـڵباز لە هەـویستی مارکس و لینین و ئەوانیتر لەناو شیوعی و چەپ رـڵـی خـیان بەشـوەیەکی خراپتر لە دوژمن گـڵـا. جیڤارا ناهەقی نەبوو وتی:(9 فیشەك بـ خیانەتکارانی ناوخـ و فیشەکـك بـ دوژمن)! 6- چەپی فرەبـژ و قسەز لە مەکتەبیەکان وشەیەکیان لەبارەی کاری هەرەوەزی نەدـڵـاند.
بەم نووسینە دووبارە ئەگـڵـینەوە بـ هەـویستی دامەزرـنەرانی بیری شیوعی:
کاری هەرەوەزی شـوازی جـربەجـری بە خـی گرتووە و لەوانە بـ نموونە:
ڤیلی شپیلە لە گفتوگـیەدا دەـڵـ: (یەکـتی هەرەوەزی جیهانی لە 233 رـکخراو پـکهاتووەو لە 89وـات و تـیاندا 800ملیون ئەندام یەکیان گرتووە. حکومەتی لـڵا دس سیلڤیا لە سەرـکایەتی رابردوویدا لە ئەرژەنتیـن داوای(ئـابووری هـاوپشتی)کرد کـە 20 هـەزار کـارگە

دەگرێتەوە. لە ئێرۆپاشدا لە باسکتلەند لە ئەسپانیا و(ئیمیلیا ڕۆماگنا) لە ئیتالیا 4000هەرەوەزی. وێنەی لیبڕالی نوێ دەسەڵاتی بۆرژوازی بۆ مرۆڤ بەدەوری موڵکایەتی دەسووڕێت، بەدەوری پارە…(- هەرەوەزی وەك ئەێتەرناتیڤی لیبڕالیزمی نوێی سەرمایەداریە- ئەمە ناوی کێشکیە بۆ نموونە).
لەپاڵ ئەو ئەزموونانە، ئەزموونی حکومەتی هەرەوەزی کوبا، ڤێنزەویلا و پۆلیڤیا و چەندین وڵات و ئەزموونیتر بە ڕژئاوایشەوە. سەرمایەداری بووە بە سەرچاوەی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و ئیتر دەبێ بە بچووکترین هەنگاو، بیر لە ئەێتەرناتیڤەکەی بکەینەوە.
ڤیلی لە درێژەی قسەکانیدا:(عەداڵەتیش چەند ئاستێکی هەیە، مارکس تاوانباری سۆسیالدیموکراتی کرد بەوەی کە ئەوان تەنها بایەخ بە دابەشکردنی قازانجی بەرهەمهێنان دەدەن، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە خودی مەرجەکانی بەرهەمهێنان دادپەروەرانە بکرێت– واتە زاڵ ببین بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداری- تا ئابووری بکەین بە موڵکایەتی هەرەوەزی مرۆڤی کارگەر).
هەر لەو کاتەوە، هەرەوەزی شۆڕشی ململانێی رابەرانی سۆسیالیست بووە: هەوێستی سیاسی مارکس دژی لاسال لەبارەی پرەنسیپ و پراکسیسی هەرەوەزی بوو. لەبارەیەوە لاسال دەیویست هەرەوەزییەکان یارمەتی پارە و قەرز لە حکومەت وەربگرن و مارکس دژی وەرگرتنی پارە بوو لە حکومەتەکەی بیسمارك و دەیویست بەرەوبردنی هەرەوەزییەکان لەلایەن خۆدی کرێکارانەوە ڕێکبخرێن.
ئێستا و لە رابردوو مارکسیستەکانی زۆرك لە وڵاتان پێیان وایە کە کاری هەرەوەزی وەك دورگەیەکە لەناو دەریای سەرمایەداری و هەروا بۆ پەرەدان بە خەباتی چینایەتی. چەوساوەکانی کوردستانیش وەك چەوساوەکانیتری دنیا بنەمایەکی عەمەلی گەورەمان هەیە لە کاری هەرەوەزی، بەڵام کاری جددی لەسەری ناکرێت و لە ئاستیدا هەر ئەێی بتین و لەبریدا خەریك کار و چالاکی لاوەکین کە بستێك نامانباتە پێشەوە.
مارکس لە 1850 تا کۆچیدواییی لە 1883 پەیوەندی هەبوو لەگەل سەندیکا کرێکارییەکانی بەریتانیا و بەرگەیانەوە لەگەل بزووتنەوەی هەرەوەزی و بۆای وابوو کە کرێکاران نابێ چاوەوانی ڕژی دوای شۆش ببن کە ڕژێك لە ڕژان پشدێت یان نایەێت. بەڵام لێرە تەسبیحی سەدویەك بەدەستەوە دەگرن و سەردانی ئەم بارەگا و ئەو بارەگا دەکەن وئوستادانە ئەرك و کاتی خەبات و تێکۆشان بە فیێدەدەن.
مارکس لە هەرکۆ پەیوەندی لە گەل کرێکاران هەبوایە پێی وابوو هەر دەستپێشخەرییەك، هەر هەوڵێکی سەربەخێی کرێکاران لەبارەی ئابووری

و یارمەتیدانی خۆ بەخۆیی هەبوایە، پێشوازی لێدەکرد، چونکە ئاوی خۆرخوازی بڕژوازی دەبێ، بەڵام بەداخەوە لێرە پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکرێت: دەبینین هاوڕێی شیوعی هەیە کار بۆ ڕکخراوی خۆرخواز یان بە مانای خۆرخوازی و"کۆمەڵگەی مەدەنی" دەکەن!
مارکس لە 1860 ڕێی سەرەکی بینی لە ئینترناسیونالی یەکەم و لە دیکۆمێنتە فەرمکاندا بزووتنەوەی هەرەوەزی بە بەشێك لە بزووتنەوەی کرێکاری زانیوە کە مانای مێژوویی خۆیی هەیە و تەنانەت بە(فۆرمی گواستنەوە لە شیوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆ شیوعی)دەزانی.
ئەوەی گرنگ بوو لەلای مارکس: بۆ یەکەمینجارە لە کارگە هەرەوەزییەکان بۆ ناکۆکی لەنێوان سەرمایە و کار لابرا، گەر بۆ یەکەمین جاریش بێت وەك شێوە، کرێکار دەبێتە سەرمایەداری خۆی.
کارگە هەرەوەزییەکان درووستکەری سەردەمن، چونکە ئەو بەگەیە بەدەستەوە دەدەن کە سەرمایەدار وەك بەرپرسی بەرهەمهێنان پێویست نیە، هەر وەك چۆن بۆ خاوەن زەوییەکان بۆ سەرمایەداری پیشەسازی پێویست نین، چونکە وەك گەنە دەردەکەون.
لە ساڵی 1864 دەستبەکاربوونی کۆمەڵەی جیهانی کرێکاران وەك خەباتکردنێك، نووسیویەتی: بزووتنەوەی هەرەوەزی وەك سەرکەوتنی ئابووری سیاسی کارگەرانە بەسەر ئابووری سیاسی بڕژوازی. تەنانەت وەك سەرکەوتنی گەورەتر لە سەرکەوتنی دیاریکردنی یاسایی کاتی کارکردن لە بەریتانیا-10 سەعات کارکردن لە ڕۆژێك ساڵی 1847-.
هەروا لە هەمان نووسیندا: نابێ لە بەهای ئەم ئەزموونە گەورەیە کەمبکرێتەوە.
بۆ هەرەوەزییەکانی بەرهەمهێنان، کۆمپانیا پیشەسازییەکان بە هاوبەشی ڕکخراو، بۆ "ئاستی"، نێك بۆ ئارگیومێنتێ تیئۆرییەکان، پشتر سەلماندوویانە کە بەرهەمهێنان لەسەر ئاستێکی گەورە بەردەوام دەبێت و بۆ هەنگاو لێگۆ پشکۆتنی زانستی مۆدێرن بۆبوونی چینی(ئوستاکان)، چینێك لە-
دەستکان- مەبەستی کرێکارانە-" جێبەجێ دەکرێت. ئەمش بۆ یەکەمینجارە سەلمێندرا کە کاری کرێگرتە، وەك کاری کێلێ و کێلایەتی لەبەردەمیدا تەنها کاتییە و فۆرمی کۆمەڵایەتی ژێردەستە لەناوەچێت لەلایەن کۆمەڵەی کرێکاراندا بە فۆرمی کارکردنی دوارۆژ.
مارکس ستایشی پشتگ و داڕژرانی "سیستەمی هەرەوەزی" لە بەریتانیا وەك ڕابەرت ئۆین و ئۆو بەرهەمهێنەر و چاکسازیخوازە کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستە یوتۆپیاکانی کرد.
(ئەمە بزووتنەوەی هەرەوەزی وەك یەکێك لە هێزە بزوێنەرەکانی گۆڕینی کۆمەڵگەی ئێستا دەناسین...ئەم سیستەمە زاڵمە کە

بەرهەمهێنەری هێزاری و ژێردەستکردنی کارە لە سایەی سەرمایە، دەتوانرێت بە سەرکەوتنی سیستەمی کۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی ئازاد و یەکسان سەرکوت بکرێت).
لە کۆنگرەی سۆسیالیزمی جیهانی لە کۆپنهاگن، لینین لە وتارێکیدا باسی هەرەوەزی بە کۆمیتەی پرسی هەرەوەزییەکان دەخاتە روو. لە خاڵی یەك و دووی پێڕەوی حزبەکەی هاتووە: 1- کۆمەڵە پڕۆلیتارییەکانی بەکاربردن دەخی چینی کرێکار باشتر دەکەن، بەو مانایەی رەهەندەکانی وەبەرهێنان لەلایەن نوێنەرگیرە بازرگانەکانەوە بە هەموو شێوە و مۆدێلەکانیەوە، بەرتەسك دەکەنەوە(...). 2- گرنگی ئەم کۆمەڵانە لە پێناوی خەباتی جەماوەرانەی پڕۆلیتاریادا دەکرێت گەورەتر بێت. بە پتشیوانیکردنی کرێکاران لەسەرەوەختی مانگرتنەکاندا، لە سەرەوەختی کورتهێنان و تەنگەژەکاندا، لە سەرەوەختی وەدوورکەوتنە سیاسییەکان...هتد.
مرۆڤایەتی لەبەردەم شارستانییەتی نوێیە، واتە شارستانیەتی هەرەوەزی ئازاد، چونکە سەرمایەداری چەندە بیەوێت خۆی"نوێ"بکاتەوە، هەر بە سرووشتی مرۆڤخۆری خۆی بێ نموونە سرووشتی(زێدەبایی و کێبرکێ) دیسان مرۆڤایەتی دەگەڵنەتەوە بە باری جەنگ و تیرۆر و ستەمکاری، هەروەك چۆن لە مێژووی 200 ساڵدا ئەنجامی داوە. سەرکەوتنی چەپ لە وڵاتانی کیشوەری سوور(ئەمریکای لاتین) و گەشەکردنی هەرەوەزییەکان لەناو خودی وڵاتانی ئۆروپاش پاش رووخانی یەکێتی سۆڤێت دیسان ئەو راستییەی سەلماند کە مرۆڤایەتی هەرگیز دەست لە هیوا و ئامانجی خۆی بە بنیاتنانی دنیای ئاشتی و دادوەری کۆمەڵایەتی و ئازادی هەڵناگرێت.
دنیابینی مارکس لە (سەرمایە): (کۆمەڵەی مرۆڤی ئازاد کە بە ئامرازی بەرهەمهێنانی هاوبەش کاردەکەن و هێزی تاکی کارگەران بە هووشیاری خۆیان وەك هێزی کاری کۆمەڵایەتی بەسەردەبەن MEW23و92)، خەیاڵ نیە و
شیوعییەت، واتە(بەرهەمهێنانی گشتی هەرەوەزییەکانە کە تێدا هەموو هەرەوەزییەکانی بەرهەمهێنانی گەل بەگوێرەی پلانێکی هاوبەش رێکدەخرێت- جەنگی ناوخۆ لە فەرەنسا، جلدی17، 343).
ئەمە لەبەردەم دووریانی رێگای هوشیاری و پێگەیاندنی مرۆڤی هەرەوەزی بێ ئیمڕۆ و دوارۆژ و رێگای هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر بە دروشمی درۆزنانەی (ئازادی...دیموکراسی...مەدەنیەت) کە لەدواییدا هەر ستەمکاری و گەندەڵی و چەوسانەوەیان لێ سەوزدەبێت. بەداخەوە گەنجینەی مێژوویی گەورەمان هەیە لە کوردستان سەبارەت بە کاری هەرەوەزی، بەڵام تاقە یەك کتێب شك نابەم لەبارەیەوە نووسرابێت.
لینین لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ: (کۆنگرەی کۆپنهاگن نیشانەی

قناغی پشکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاریە کە تێدا دەستی کردووە بە راکێشانی هەرەوەزیە پرۆلیتاریەکان بە ئاراستەی خەباتی چینایەتی..)
لەماوەی 6 ساڵدا و پێشتریش هەر ئەم هەوڵەدراوە کە هەر زوو بەهۆی نەزانی و ناهوشیاری لە ئەدەبی مارکسی، فەشەلیان پێهێنا. زۆر هەوڵدرا بۆ ئەوەی کاری هەرەوەزی لە شارەکانیتریش جێبەجێ بکرێت، بەڵام دیسان لەبەر هەمان هۆ و هۆکاریتریش لەلایەن حزب و گروپ و کەسانی شیوعی و مارکسیست، پشتگوێخرا(ئەو کەسانە هیچ لەبارن لە بواری هوشیاری و کلتووری هەرەوەزی). کەسانی بەتاڵ هەبوو هەر زوو بوون بە ڕێگر لەبەردەم خەبات بۆ یەکریزی ستەملێکراوەکانی بازاڕی ئازادی سەرمایە و، چونکە رتمی تەمەڵی، بۆ ئومێدی، بێباکی، وتی وتیان دەشێوێنی و دەیانخاتە بەردەم ئەرکی چینایەتی ڕۆژانە.
لەبەر مەزنی هەرەوەزی، پاش 13 ساڵ دووبارە وتاری(دەربارەی هەرەوەزی)دەنووسێت. لەم وتارە گومانەکەی هاوڕێ لینین پێشی 100ساڵ، ئێستا لە کوردستان هاتەدی. لینین دەڵێ: (بە بۆای من گرنگی پێویست بە هەرەوەزی نادەین. گومانم هەیە هەمووان بە گوهێرەی پێویست لەوە تێبگەن کە هەرەوەزی بایەخێکی تایبەتی هەیە.).
هەروا دەنووسێت: >>تەنها << ئەوەندەمان لەسەرە دانیشتوان>> هوشیار<< بکەینەوە دەربارەی سوودەکانی بەشداریکردن لە هەرەوەزیەکانداە..تەنها هێندە بەسە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، بەڵام ئەم >>تەنها <<یە پێویستی بە شۆشێکی سەرانسەریە ، پێویستی بە قناغێکە لە پەرەسەندنی کلتووری لەناو تەواوی جەماوەردا، بۆیە باشتر وایە کەمتر فەلسەفەی لێ بدەین)
ئایا ناکرێ ئەمە لەبری(باس و هەوڵی گاتەجاڕی یەکێزی و سازش لەگەل ستەمکاران) لە ئێستاوە هوشیاری وکلتووری کار و چالاکی هەرەوەزی لەناو کەمەگە بەهێزبکەین؟ بەراستی سەخت و یوتوبیە؟!
پرۆفیسۆر و نووسەر(ئیلما فاتەر) لە وتاری(هەرەوەزی و ژیانی باش- Buen vivir-) دەڵێ:(یوتوبیای راستەقیە)بەمانای ئیرنست بلوخ- ئەو کاتە دەبێتە سۆسیالیزمی سەدەی 21، ئەگەر بزووتنەوەی هەرەوەزی ئێستاماندا لەگەل ئابووری هاوپشتی و(ژیانی باش) پێکەوە گرێبدەین، ئەوجا دەتوانین ئەنجامێکی کەمەایەتی لە کەمەگەی داهاتوومان بکەین بەجێی متمانە وبۆ ئەمەش هەر ئیمڕۆ ئۆقەری گونجاومان لەبەردەستە بۆ گەشەپێدانی.
لەم وتارە هەرەوەزی وەك هاوکاری خێبەخێی هاوجەم، بە(منالی دەستکورتی) ناودەبات و ئاماژە بە بۆچوونکی قیلی براند دەکات لە کتێبەکەی(هەواڵەکان لە ئەمانیاوە)ساڵی 1946: کاتێ

دەوڵەمەندبووین نەمانوویست ببین بە سۆسیالیست. ئێستا ناچارین ببین.
براند بوو بە "سۆسیالیست"، بەڵام وەك رەوتی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی(سۆسیالدیموکرات)خیانەتیان کرد لە سۆسیالیزم و کرێکاران و بوون بەڵ نەوکەری بۆرژوا. ئابووری هاوپشتی بڵ بەرگریکردن لە کەرامەتی مرۆڤی زەلیل و تووە. ئەمە زەمینەی بڵ هەرەوەزی لەسەرەتای سەدەی 21 رەخساند وەك ئەنجامی راستەوخۆی سەردەمی حکومەتی مونعم و سیاسەتی تونڊەوی لیبڵالیزمی نوێ و رووتکردنەوە خەڵکی هەژار و ئیتر(بەدڵلارکردنی) ئابووری پەکیکەوت(...).
ئەوە هەر ئەرژەنتین نیە، دەیان وڵاتیتریش بەهەمان شێوە بە جەنگی سەربازی داگیرکردن و ئابووری و بازرگانی بەسەریان سەپێنرا:
بەهەمان شێوە، لیژنەی کاری هەرەوەزی رووبەووی هەژاری خەڵك بووەوە: پیرەژنی بڵ کەس و لانەواز، باوکێکی بێکار و نەخۆش لەگەل کوڕێکی 12 ساڵانە پێویستیان بە دەرمان، خۆراك، کرێی خانوو، خانوو، جلوبەرگ، قوتابخانە، کەرەستەی بیناسازی، خەرجی نەشتەرگەری، کرێی هاتوچووی کچان بڵ قوتابخانە، خوێندکاری بڵ دەرماڵە، قوتابخانەی وڕان...هتد.
ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە و کاری راگەیاندن یەکەم هەنگاو بوو بڵ ئەوەی وەك سوپایەك لە نووسەر و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و راگەیاندنەکانی حکومەت بەس نەکەین بە رەخنە لە پێناو رەخنە و فرەبۆڕی و گەمژاندنی خەڵك و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و عەقڵییەتی سازشکاری و لە جیاتیان بەدیلێکی رووسووری عەمەلی بە پشتبەستن بە هوشیار و ئیرادە و ویژدانی خۆمان دژ بە باڵادەستی لیبڵالیزمی نوێ و لێکەوتە ترسناکەکانی پێشکەش بکەین.
لەو بڵوایە بووین بەر بە رەشبینی و بێزاری دەگرین و بەمە ئومید بە ڕۆژێکی باشتر دەگەڵنینەوە بڵ خەڵك. بەداخەوە سووپایەك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر و چەپ دەزانن(تاك و تەرایان نەبێت) ڕێگەی بێدەنگی و پەراوێزخستنیان هەبژارد و بەمە(بە خوشیاری یان بە ناهوشیاری) خزمەتیان بە ستەمکاری کرد و ئەزموونەکەمان سنووری خانەقینی نەبەزاند. لەگەل ئەوەشدا:
هەرچۆن زۆر ئامراز و بیرو بۆچوونی سەردەمی کۆلایەتی و دەرەبەگایەتی و تەنانەت سەرمایەداریش بە زمان و شێوەی کار و کات و ئامرازەکانی چوونە ناو مۆزەخانەی مۆژوو، بەهەمان شێوە، دەکرێ(شێوەی بەرهەمهێنان، نرخ، پارە و بازاڕ) بڵ ئەبەد بخرێنە ناو زبڵخانەی مۆزەخانەکان.
بڵ ئەم مەبەستە وەك هەنگاوی یەکەم، تەنها پێویستیمان بەوە هەیە

دەستبکەین بە کار و چالاکی بۆ بیری هەرەوەزی بە چاوێکی رەخنەگرانەوەو بیکەین بە ناوەندی ئەرکە ڕۆشنبیری، هونەری، ئەدەبی و سیاسیەکانمان.
-_____

سەرچاوەی بۆچوونەکانی مارکس:

1- Karl Marx, Inauguraladresse der Internationalen Arbeiterassoziation, in: MEW Bd. 16, S. 11f.

2- Karl Marx, Instruktionen für die Delegierten des Provisorischen Zentralrats zu den einzelnen Fragen,in: MEW Bd. 16, S. 195.

3- Vgl. Franz Oppenheimer, Die Siedlungsgenossenschaft. Versuch einer positiven Überwindung des Kommunismus durch Lösung des Genossenschaftsproblems und der Agrarfrage, Leipzig 1896.

4 -Karl Marx, Inauguraladresse, in: MEW Bd. 16, S. 11

- 5 Karl Marx, Instruktionen, in: MEW Bd. 16, S. 195f.

6- Vgl. Karl Renner, Sozialismus, Arbeiterschaft und Genossenschaft. Skizze einer ökonomischen Theoriedes Genossenschaftswesens, Wien 1931.

7- Karl Marx, Das Kapital. Kritik der politischen Ökonomie, Dritter Band, in: MEW Bd. 25, S. 45

8- Karl Marx, ebd.

9- Karl Marx, Das Kapital. Kritik der politischen Ökonomie, Dritter Band, in: MEW Bd. 25, S. 400.

10- Siehe Karl Marx, Das Kapital. Kritik der politischen Ökonomie, Dritter Band, in: MEW Bd. 25, S. 401f.

11- Karl Marx, ebd

کورتەیەک دەربارەی کتێبی: یادەوەرکانم لەگەڵ جەرج تەرابیشی لە وەرگێڕانی: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ئامادەکردنی: گەران عەبدوڵا

کتێبی (یادەوەرکانم لەگەڵ جەرج تەرابیشی) لەلایەن نووسەرو وەرگێڕ هنریيت عەبودی هاوسەری بیرمەند جەرج تەرابیشی (١٩٣٩-٢٠١٦) ەو نووسراوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا لەلایەن ڕۆژنامەوان و دیپلۆماتکاری سعودی تورکی ئەلدەخیل ئامادەکراوەو هەر لەسەر داوای ئەویش هنریت عەبودی دەستی بردووە بە نووسینەوەی یادەوەرکانی.
هنریيت عبودی هاوسەری جەرج تەرابیشی، نووسەرو وەرگێڕ و خاوەنی چەندین کتێب بەزمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی، لەڕەدا بە زمانەکی باڵای ئەدەبی و پڕ لە سۆز یادەوەرکانی خۆی لەگەڵ جەرج تەرابیشی نووسیوەتەوە زۆر وردیش لەسەر زۆرینەی وەستگەکان و خوونە قوڕگانی تەرابیشی راماندەگرێت. پرسیاری زۆر قوڵ لای خوێنەر جەدەهەت سەبارەت بە خوون و کارەکانی بیرمەندەکی بە بنەچە مەسیحی لە وڵاتەکی زۆرینە ئیسلام دا و ئەو بەرخوردانەی لەگەیدا کراوە بە هەکاری ناوەکی (جەرج)!

خوێنەر کە دەوانێتە بەرگی کتێبکە پێی وایە ئەم کتێبە قەبارە مام ناوەندیە سەر لەبەری یادەوەری هنریت عەبودیيە لەگەڵ تەرابیشی، بەڵام وانییە.
سەرباری نووسینی سەرتایەک و یادەوەرکانی (هنریيت عەبودی) و ئەو گفتوگۆیەی (تورکی ئەلدەخیل) سەبارەت بە تەرابیشی لەگەیدا ئەنجامی داوە، هەروەها (د.محەمەد عەبدولموتەیب ئەلهەنی) نووسەر و توێژەری لیبی و (هاشم ساڵح) نووسەرو بیرمەندی سوری، ڕۆژنامەوان و دیپلۆماتکاری سعودی (تورکی ئەلدەخیل) بەشدارن لە نووسینەوەی ئەم یادەوەرییەدا بە پێی نزیکایەتیان و ئەو پرۆژە ڕەشنبیریانەی پێکەوە بەشدار بوونە لە ئەنجامدانی.
بەشکی تری ئەم کتێبە تەرخان کراوە بە زنجیرە نووسینکی جەرج

تەرابیشی بەناوی شێش وەستگەی ژیانم، کەدوواین زنجیرە نووسینی تەرابیشییە بە ساڵێک پێش مەرگی.
کەی نووسین و قسەکانی بەشداربووانی ئەم یادەوەرییە، جەخت لەو هەموو کارە زەرو زەبەندیی تەرابیشی دەکەنەوە لەگەڵ ئەو هەموو ڕەگەریی لە بوارکانی ناوەندی ڕێشنبیری و زەرەک لە قەڵەمە ناسراوەکانی دونیای عەرەبی بێ هاتنە پێش بە هەکاری مەسیحی بوونی بنەماڵەکەی.
ڕۆژنامەوان سەعید ناشد دەگێڕتەوە: کاتێک نامەی دکتۆراکەم پێشکێشکرد لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لەمەغرب کە تیایدا باسی عەقڵی عەرەبی لەلای (تەرابیشی) و (محەمەد عابد جابری) کردووەو لە توێژینەوەکەمدا پتر لایەنگری تەرابیشی بووم، کەچی مامۆستای سەرپەرشتیار بە ڕوومدا تەقیەوەو وتی: (چۆن لایەنگری جەرج دەکەیت لە دژی محەمەد!؟)
(د. ئەلهەنی) دەگێڕتەوە: ڕۆژێکیان جەرج لە کتێبخانەی (ئیبن سینا) لە پاریس، چاوی بە فەیلەسوفی میسری (عەبدولڕەحمان بەدەوی) کەوت، کاتێک بەدەوی لە زاری تەرابیشییەوە گوێبیستی ئەوبوو کە خەریکی کارکردنە لەسەر کەلەپووری ئیسلامی دەکات، پێی وت: (تۆ مەسیحیت، هەقت چییە بە کەلەپووری ئیسلامییەوە؟!)..
لەم کتێبەدا ڕوبەڕوی زەرەکی تری لەو جەرە هەوەستانە دەبینەوە. ئەم شێوەکار و هەوەستانە ڕەمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئیبراهام) ی بیر هەنامەوە لە شوێنکدا هاوەکانی (سالار) ئاوا دەڵێن: (ئەمەی کورد هەردەم هاوخەمی ئەوەی جولەکەین) ئەم قسەیە زوو زوو لە ڕۆژنامەوە نوسینەکانی ئەم سەردەمشدا لە بەرانبەر ئیزیدەکاندا بەکار دەهێنرێت، هەروەک ئەوەی بڵێی یەکێک لە مەرجەکانی کوردبوون موسڵمان بوونە!
ئەلهەنی لە شوێنکی تر دەڵێت: (جەرج بەی دەرکەوت ئەو توکەی مەدەرنەیەی بیری دەستبژێرکانی داپێشیبوو، جگە لە توکەکی ڕووکەش شتکی دیکە نەبوو، توکەک لە ناواخنیدا نەریتکی دێشتکیانەی دێندەی شاردبووەوە..)
(د. ئەلهەنی) لە درۆژەی باسکێدا باس لەو مۆژوو تووندو تیژییەی ئیسلام دەکات کە لە قۆناغە جیاوازکاندا چ بە شێوەی جەستەیی بووبێت یان زارەکی بەسەر کەمینەی مەسیحکان و کەمینە ئاینکانی تردا هاتووە کاتێک لە سەردەمی عوسمانکاندا مەسیحکان ناچار دەکران لە ڕێگەی شەستکە دووربکەونەوە تا موسڵمانکان پیایدا بڕۆن.. بە ئەو کارە وشەی (طورق) بەکار دەهێنرا.
تەرابیشی کەبووە لە دونیای ئەدەبی و سیاسی کوردی، چەنمان خوێندەوە و چەن لەی تێگەشتووین ئەوە باسکی تر، بەڵام ئەوەی

لەی دنیام هموو خونەرکی جدی کورد زمان هەوستیک دکات لە بەرانبەر دەرس و تجربەکانی ترابیشی، چونکە دەخی سیاسی و کمەایەتی کوردستان همان دەخی داتپیوی دونیای عەربە.

لە کتایدا جگای خیەتی بەین د. نەوزاد ئەحمەد وەرگەانکی زەر جوانی بە ئەم کتبە ئنجام داوە. زمانک هیچ خە تکلیفکردنکی کوردایەتی و ناوچگرتی نکردتە بار بەسەر ئەم وەرگەانەوە.

دیکتاتریەتی بەرژوازی یان پرلیتاری.. سلام عبدوەا

ئەوانەی ئیمە جیهان بەەوە دەبەن، نەك هەر بەوایان بە(د.پ) نیە، بگرە سەرسەختانە دژین و بە سوپایەك لە ئەکادیمی، راگەیاندکار، نووسەر، مژووناس، حزب، رکخراوی کمەگەی مەدەنی ،فیلمساز و گشت ئامرازك بەکاردەهنن بە سینەوەی.
ئەوە دیکتاتییەتی کیە بە نموونە لە 50 سای رابردوو، بە وشە یان ئیمل یان بە پەیوەندییەکی تەلەفنی دەتوانن نرخی دلار-بارودخی ئیمە لە عیراق-، کارەبا، ئاو، دەرمان، برنج، پەروەردە، تەندروستی، نەوت و بانزین-وەزیری نەوت وتی: بەرزکردنی نرخی نەوت بە دەست ئەمە نیە- گاز یان هەر کایەك لە دوا کورەدی ئەم دنیاییە گران و هەرزان بکەن؟
ئەو دیکتاتریەتە لە هەموو دنیا شکری هەیە و کەی بیەوت هەدەکوتنە سەر هەر واتك بیەوت بە بە ئەوەی رەزامەندی هاواتیان یان پەرلەمانەکانیان وەربگرن، بە تیرر، جەنگ، ئابلقە، کارەساتی بکاری و هەژاری باوەکەنەوە و ژینگە وران دەکەن. ئەوان ئابووری دنیا بەەوە دەبەن و دەسەاتیان بەسەر بازرگانیشەوە هەیە.
سەرمایەداری لە دوا قناغیدا باەستە و کراسی(دیموکراسی و مافی مرۆف و ئازادی) لەبەرکردووەو بەشوەی"شارستانی"دیاری ماورانی و کولایەتی هاوچەرخ لە مل مرۆف دەن و ئەم وەحشیگەرتیە کە بە چاوی ختان دەیبینن، بەسەر جیهان سەپاندووە: ئەمە دیکتاتییەتی چینی بەرژوای خاوەن کمپانیا و بانق باناسیونالەکان، نەبت، چییە؟

بۆرژوا به سەرمایە و کۆمپانیا و دەزگا بانناسیونال و هاوپەیمانی جەنگ و بەها رەوشتی و کۆمەڵایەتییە و بە(تەوتەمکردنی کاڵا)وەك شێوە ژیانی شایستە بە مرۆڤ هەرەسی هێناوە و هیچ وێنەکیان نیە بە پرسی (ئاشتی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی) مرۆڤایەتی.
لەسەردەمی مارکس تا ئێستا، هیچ دەستەواژەیەك بە قەت دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دژایەتی و نەفرەتی لێنەکراوە. ئەمە دزەی کردە ناو هەندێ لە حزبە شیوعییەکانی ئۆروپا و هەندێ وڵاتیتریش و لەبەرنامە و خیتابی سیاسیس پەراوێز خراو، بەڵام ئێمە نە وشترمەڕین و نە خۆ دەخەینە چاوی خەڵك و دووڕوو نین و نە ترسیشمان لێ هەیە و نە خۆشمان لادەدەین لە باسکردن و ڕوونکردنی راستییەکەی.
زانا و ڕاگەیاندنەکانی دنیای سەرمایەدار هەزار جار لە ئێمە زیرەکتر کاردەکەن لەبواری ململانیی تیئۆری و لە گشت بەرەکان و ناو و ناتواری جیاوەوە بۆ دیکتاتۆریەتی سیستەمی چینی بۆرژوا دژ شوعییەتی.
لینین ئاماژە بە بۆچوونی مارکس دەکات: (هەنگاوی هەر جووڵانەوەیەکی ڕاستەقینە گرینگترە لە یەك دەرزەن پڕۆگرام. دووبارەکردنەوەی ئەم وشانە لە سەردەمێکی شێواویی تیئۆریدا وەك ئەوە وایە لە پرسەیەکدا هیوای دووبارە بوونەوەی هەمان ڕۆژی پرسەکە بۆ ئامادەبووان بخوازی(…). زۆرێك ئەوەیان لەبیرچووە کە مارکس لە درۆژەی هەمان بابەت دەڵێ: (ئەگەر پێویستە یەکبگرن، ئەوا بچنە ناو ڕێککەوتنەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە پڕاکتیکەکانی جووڵانەوەکە، بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە سەوداگەری بنەماکان نەدەن).
لێرە لینین پاش خستنەڕووی ڕاستی بۆچونەکەی مارکس، ئەڵێ: بە بۆ تیئۆریەکی شۆشگێڕانە، جووڵانەوەیەکی شۆشگێڕانە بوونی نابێت.(لینین، بەرگی دوو، لاپەڕەی 35).
دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا چییە؟
یەکەمجار مارکس لە 1850 نووسیویەتی: لە خەباتی چینایەتی>دیکتاتۆریەتی چینایەتی پرۆلیتاریا>بۆ<< تاقە دەروازەی پێویستە بۆ هەڵوەشاندنی جیاوازی چینایەتی(م.أ. بەرگی7، ل89 بە ئەڵمانی). و لە نامەیەکی بۆ ڤێدەمایەر: خەباتی چینایەتی وەك پێویستی بەرەو دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دەمانبات و خودی ئەم دیکتاتۆریەتە تەنها قۆناغێ گواستنەوەیە هەڵوەشاندنی هەموو چینەکان و بەرەو کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی دەمانیات- م.أ.28، لاپەڕە508).
لینین ئۆگست/سێپتەمبەر ئاوا پێناسەی دەکات: دیموکراسی بۆ زۆربەی بەرینی جەماوەر و ڕوخاندنی توتیژی ستەمکاران.

کاوتسکی و سۆسیالدیموکراتەکان دژایەتی سۆڤێت دەکەن و بە هاوکاریکردنی حکومەتەکەیان شۆڕشی 1918 لەناودەبەن.
ئەی(د. پ)چییە؟
ئێستا هەموو درێ و ساختەچێتی و گەمژاندن و حەقارەت و گاتەجاڕییەکانی دوژمنەکانمان لەم چەند خاڵە ئاشکرا دەبێ:
1- ئەنگلس لە 1891، بەیادی 20ساڵەی کۆمۆنەی پاریس و لە پێشەکی کتێبی(جەنگی ناوخۆ لە فەرەنسا) دەنووسێت: دووبارە ئەمانی سووك کەوتە ئاقاری ترس لە وشەی(د.پ): باشە بەڵێزەکان، ئێوە ئەتانەوێت بزانن دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا چۆنە؟ فەرموو بڕوانن بۆ کۆمۆنەی پاریس. ئەوە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بوو.
2- ئەنگلس لە 1891 پوختی دەکات: هێوەشاندنی دەزگا کۆنەکانی ، دەوڵەت و سوپاکەی و چەکدارکردنی گەل. دیاریکدرین دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکاری، هەبژاردن و هەموو کاتکی لابردنی هەموو بەرپرسوبەران، دادوەر و مامۆستا و خەرجکردنی کرێی کاری هەموو کارمەندەکان وەك کرێی کرێکاران.
3- لە غێتا1875 قۆناغی گواستنەوە لە کۆمەگەی سەرمایەداریەوە بۆ کۆمەگەی شیوعی وەك دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریای


- مارکس و ئەنگلس، بەناوی (بەرگی 19، لاپەڕەی 28).
  ئەمەی دەیبینن لە کوردستان و عیراق دیکتاتۆریەتی بژواکانە بەناو(نیشتمان و ئاین).

هیچ پێویست دەکات کرێکاران و خەڵکی چەوسانەوە لە دەسەڵاتی خۆیان بۆ لەناوبردنی ستەمکاری و بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی بترسن؟
(بۆ زانیاری زیاتر: لینین، بەرگی 10، لاپەڕەی 41-جەوهەری د.پ و جەوهەری دەسەڵاتی سۆڤێت)

کتێب\ ڕاڤکاریی فڵسفیی /

بەهێندوەرگرتنی فەلسەفیانە.. ئازاد حەمە

ڕاڤەکاریی فەلسەفی / بەهێندوەرگرتنی فەلسەفیانە، ئێستا لە (دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان) بڵاودەستە… . کتێبەکە قەبارە گەورەیە، 835 لاپەڕەیە. بەرهەمی کارکردنە لە ساڵی2008وە، تایبەتە بە ڕاڤەکاریی فەلسەفیی هەزری ڕاڤەیی پڕۆسەک هزرمەندی نوێی ڕۆژئاوایی.



کتێب\ مەلا مستەفا بارزانی و شۆشی ئەیلوول.. وەد. جاسم خۆشناو

سەرگوزشتەی ئەم کتێبە

لە سەرەتای سالی 1981، دوای سەردانیکردنی چەند ولاتێکی ئەوروپی، گەیشتمە ئیتالیا، تەمەنم 21 سال بوو، ماوەیەکی کەم بوو سەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتیم لە کوردستان بەرەو هەندەران گواستبووەوە، نیازی خوێندنم نەبوو، تەنها بە سەردانێکی چەند ڕۆژی بوو کەچی قەدەر و نەسیب قەناعەتیان پێهێنام لەم وولاتە بمێنمەوە هەرچەندە، ئۆکات، مافی پەناهەندەیی و سیستەمی سۆسیال و کەمکی دووت

نەبوو. لەبەر ئەوە بەیاری مانەوەم لە ئیتالیا، کەمێک، شتانە بوو، لەگەل ئەوەشدا، وەکو بەشێک لە کوردەکانیتر، قەل و باسکم لە هەڵکرد، لە لایەک کارکردن بە بژێوی ژیان و لە لایەکیتریش خوێندنی زانکۆ. کارێکی ئاسان نەبوو، تەنانەت "بەشی ناوخۆ یان مالی خوێندکاران"یش نەبوو.
سالی یەکەمی خوێندنی زمانی ئیتالیم، لە شاری پێروجا Perugia لە گەل زیاد لە 100 خوێندکاری کورد، کە زۆربەیان هی باشور و ئەوانیتریش هی رۆژهەلات و رۆژئاوا بوون، تەواو کرد، بەڵام قۆناغێکی پێ لە جێش و خرێش و هەستی "کوردایەتی"مان بەسەر برد. یەکەمجار بوو دەگەل کوردی قامیشلۆ و عفرین و شام، لەگەل کوردی مەهاباد و سەقزو کرماشان تێکەلاوی پێدا بکەم وباسی بارودۆخی "کوردستانی گەورە" بکەین و لەگەل هەندێکیان ئێستاش پێیوەندیم ماوەو زۆر خۆشە. پاشان هەر کەسە بەسەر زانکۆ و ئەو شارانە پەرت و بلاوبوونەوین کە خەمان هەڵمانبژاردبوو، جارێکیتریش لە ئاوارەیی پەرتەوازە بووین.
تاکە کورد بووم کەوتمە شاری پیزە PISA، تا کەوتنی رژێمی سەدام لە نیسانی 2003 بە تەنها بووم، ئیستا لە 2022 کوردێکی باشور و یەکی رۆژهەلاتم ناسیووە کە چەند سالێکە نیشتەجێی ئەم شارەن، لە 2005 ژمارەیەک کوردی باکور، ژمارەیەکی کەمتر هی رۆژئاوا، لەرە نیشتەجێبوون. لەگەل ئەوەشدا لە شاری پیزە، بە بەراورد بە شارەکانیتری ئیتالیا، لە سالانی ۱۹۸۲- ۲۰۰۳، زۆرترین چالاکی، لەسەر ئاستی زانکۆ، هەزە سیاسی و نەقابیەکان، شارەوانی، کەنیسە و پێوەندیکردن بە ڤاتیکان، پێوەندی لەگەل ئەندام پەرلەمان و رۆژنامەنوسانی ئیتالیا ئەنجامدراون و لە شوێنیتر بە دەکومینت بلاوکراوەتەوە و باسی رەوەندی کوردی و چالاکیەکانیش کراون.

هەر لە سەرەتای خوێندنی زانکۆ، وەک هەموو خوێندکارە کوردەکان، رووبەڕووی ئەوە بووم کە کتێب و سەرچاوە بە زمانی ئیتالی لەسەر کورد و کوردستان نەبوو، لە هەزار ئیتالی یەک یان دوو کەس زانیاری کەمیان لەسەر کورد و کوردستان هەبوو، لەبەر ئەوە هەولمدا دەستپێشخەریەک بکەم.
لە شاری پیزە، لە سالی ۱۹۸۵، دەستم پێکرد، بە رای خۆم، یەکێک لە پێتوکخانە هەرە گەورە و دەوڵەمەندەکانی ئیتالیای لێیە، پاشان چوومە سەردانی پێتوکخانەی نیشتمانی لە شاری فڵۆرانس – فیرێنزی Firenze، پەرتوکخانەی ڤاتیکان و وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا و پەرتوکخانەی نیشتمانی لە شاری رۆما. لە رۆما پەیمانگا و گۆڤارێک بە ناوی "رۆژهەلاتی مەدەرن – ئەریەنتە مەدەرنە Oriente Moderno "

کە لە ساڵی 1921 وجودی هەیە و زۆر دەنگوباسی دەوڵەمەندم، لە ماوەی ١٩٢١ – ١٩٤٥ لە سەر کورد تیا دەزیوە. پاشان چوومە شاری ناپۆلی Napoli کە 600 کم لە شارەکەی من دوورە، لەوێش زۆر سەرچاوەم کۆتە بەردەست.
هەموو ئەو کتاب و سەرچاوانەی لەم شارانە کۆتە بەرچاو تەنها 4 دانەیان بە زمانی ئیتالی نووسرابوون، ڕۆمان و قاموسی کوردی – ئیتالی، کە لە لایەن قەشە مۆریتسیۆ گەرسۆنی Maurizio Garzoni لە ساڵی 1787زا چاپکراوە، مێژووی هەرەمی کوردستان، لە لایەن قەشە جوزێپێ کامپانیلە Giuseppe Campanile لە ساڵی 1818 چاپکراوە، کتێبکیتر لە ساڵی 1863 و 2 کتێبیش لە سەدەی 20 (یەک لە ساڵی 1910 و یەکیش هی ساڵی 1930) لە سەر یەزیدی و ئایینی یەزیدیکان کۆتە بەرچاو. کتێب و سەرچاوەکانیتر بە زمانی فەڕانسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی بوون. ڕۆژی ٢٤ تەموزی ٢٠٢٠، لە کاتی کەرەنتینەی کۆڤید Covid، تیمەکی کەنالی تیڤی "ئیزیدیخان" لە ئەڵمانیا هاتنە لام و دوای چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکی بە سوود کۆپیەکی ئەو کتێبەی ساڵی ١٩٣٠ لەسەر یەزیدیکان بە دیاری پێشکەشکردن.
ئەم کتێب و سەرچاوانەم لە ساڵی 1985، بە لیستێک، نووسیوەو لەگەڵ شوێنی دەزینەوەیان بەسەر خوێندکارانی کورد دابەشکرد تاکو ئەوکاتەی پرسیاریان، سەبارەت بە کوردو کوردستان، لێدەکرێت بتوانن وەلام بدەنەوەو بڵێن "ئەو کتێبانە باسی کورد دەکەن".
بەڕاستی ئەوکات زۆر زەحمەت بوو وتارێکی ڕێکوپێک یان ریپۆرتاژێک لەسەر کوردستان، بە زمانی ئیتالی، دەستکەوێت، تەنها چەند وتارێکی پرۆفیسۆر میرێللا گالێتی Mirella Galletti 1949 – 2012 نەبێت کە لە گۆڤارە پسپۆریکان بلاودەکرانەوە و بە ئاسانی دەستی ئیتالیەکانیش نەدەکەوتن، ئەمە لە ساڵی 1987 زۆربەی وتارەکانی گالێتیمان کۆکردەوەو بەیەکەوە کۆپیکرد و بەسەر هاوڕێکانم دابەشکرد. ئەمە لە بەهاری 1989 نامیلکەیەکمان لەسەر دەزی کورد بە چاپ گەیاندو زیاتر لەناو خوێندکارە کوردستانیەکان و دەستە ئیتالیەکان بلاوبوونەوە و چەند جار چاپکرایەوە. لە کۆتایی 1990، دوای داگیرکردنی کوێت، کتێبکی زۆر دەوڵەمەند لەسەر کورد، لە لایەن پرۆفیسەر گالێتی، بلاوکرایەوە بە پێی زانیاری و بەدواداچوونەکانی ئەمە هیچ کتێب و نامیلکەیتر نەبوو.
ئەو کتێبەی فرانز مۆریا دەزار، مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول، لەبەردەستایە هەرچەندە لە ساڵی 1976 چاپکرابوو بەڵام لە هیچ پارتوکخانەی زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەرەکانی دیراساتی ڕۆژهەلات نەکەوتە بەرچاو و ئەستاش نیە. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1986 لەوکاتەی لە چێشتخانەی زانکۆی شاری پیزە

دەهاتمە دەروە کەسێک بە عەرەبانەیەکی 3 تایە کەونە کتێبی بە فرۆشتن دابابوو، هەرزانفرۆش بوو، زەرجار کتێبی مێژوویی یان رۆمانی هەمجۆرم لێکدەبووە، لەو کاتەی کتێبکانم سەراوبن دەکرد چاوم بەو کتێبە کەوت و ناوی کوردستان و وێنەی بارزانیم کەوتە بەرچاو خورپە کەوتە دڵم. یەکسەر دەستم دایە و وەک ئەوەی باوەڕم نەدەکرد راست بێت، یەک یەک تەماشای لاپەڕەو وێنەکانم کرد... ووتم ئەوە بایی چەندە؟ خاوەنی عەرەبانە و کتێبکان گەنجێکی قسە خۆش بوو، ریش و پرچی تێکەلاو بوو، لە فەیلەسوفە کلاسیکیەکان دەچوو، ئەو دەیزانی من کوردم بۆلام نەیدەزانی کتێبەکە چیە و باسی چی دەکات. بەهەرحال گوتی هەزار لیرەی ئیتالی، دەیکردە یەک دۆلار بۆلام ئەوکات بڕی 3 جار خواردنی چێشتخانەی زانکۆی دەکرد، منیش پێنج هەزاریکم پێ بوو و دامەدەستی و پەمگوت باقیەکەشی بێ خێت. بە داخەوە کتێبەکە، لە کاتی چاپکردنی، لە ١٩٧٦، نرخەکەی لەسەر نە نووسراوە. کەوتمە ڕێگا بەرەو پێتوکخانەی سەرەکی زانکۆ، بە ناوی مەعریفەت La Sapienza، کە 400 – 500 م دوور بوو، ئەو ڕۆژە تا سەعاتی 8 ئێوارە، تا کاتی داخستنی، خەریکی خوێندنەوەو تەماشای بەرگ و وێنەکان بووم، زەر دڵخۆش بووم. کەمالێک پرسیارم لێخەم کرد، مەعقوڵە ئەو کتێبە ئەوە 10 ساڵە چاپکراوە نە کوردەکان و نە ئیتالیەکان پێی نازانن و نەیان دیووە؟ هەر زوو بەزوو هەولمدا و دەستم بە وەرگێڕانی کرد. لە بەنە و ئاهەنگە کوردیەکان، بە تایبەتی نۆرەز، لای هەندە دەست و هاوڕێ باسی کتێبکی لەو جۆرم کرد بۆلام کەس نەبوو ناوی بیستبێت. لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕاپەڕین و کۆچەوکەی 1991 و کۆتنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە نیسانی 2003 کە بە سەدان وتارو ریپۆرتاژ و کتێب چاپکران و بلاوکرانەوە بۆلام کەس، بە کەم و بە زەر، باسی ئەو کتێبەی نەکردووە. وا هەست دەکەم لە کاتی چاپکردنی ئەم کتێبە، لە 1976، سەفارەتی عێراق هەموو کتێبکانی کۆیبێت و لەناوی بردبێ بە ئەوەی لە ئیتالیا دەزی کورد نەناسرێت. سەیر ئەوەیە کە فرانز ماریا دەزارێ Franz Maria D’Asaro لە ساڵی 1925 لە دایک بووەو لە ساڵی 2004 کۆچی دواییکردوە هەولی نەداوە ئەم کتێبە بە ڕای گشتی بناسرێ.
بە هەی سەرقاڵی زانکۆ و بژێوی ژیان وازم لە تەرجەمەکە هێناو لای کەس ناوی نووسەرو کتێبکەم، بە زمانی ئیتالی، باس نەکرد و کتێبکەم لە مالەوە شاردەوە، حەزم نەدەکرد کەس چاوی پێبکەوێت. هەکاری ئەو شاردنەوەو باسنەکردنی دەگەڕێتەوە بە ئەوەی من ئەوکات و ئێستاش وادەزانم ئەم نوسەرە، فرانز دەزارێ، موبالەغەی زەری لەسەر ڕاڵی مەلا مستەفا کردووەو تەرجەمەکردنیشی بە کاتی سالانی دوای ڕاپەڕین، بە ڕای خەم، سودی بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی

دەگەیاند لەبەر ئەوە لە وەرگێڕان و بلاوکردنەوەکە دوو دڵ بووم. وەک ئاشکرایە پارتی – بنەماڵەی بارزانی بە بەرژەوەندی خۆیان "مەشکی دەکەنە گامێش" و بەم کتێبە دەیانتوانی بڵێن "ئەوەتە بارزانی کوردی بە ئیتاڵیا و بە جیهان ناساندووە" و ئەمە مژووە و نووسراوە.

لەساڵی 2010 ناوە ناوە کە هەندێ دەست و هاوڕێی کوردستانی سەردانیان کردووم لەگەڵ هەندێکیان باسی ئەو کتێبەم کرد و بە هەندێکیشیان پیشاندا، لە هەمان کاتیش لە تەرجەمەکە بەردەوام بووم و ماوەی چەند ساڵێکە تەواو بووە بڕیار ئەوەی کتێبێکی ناوازەیە حەزم نەکرد بە هیچ دەست و هاوڕێیەکم ڕەوانەی بکەم بە ئەوەی پیاچوونەوەی بە بکرێت، هەڵکانی زمانەوانی راستبکرێتەوە.

ئەمە یەکەم کتێبە، بە پێی زانیارییەکانی بەردەستی ئێمە، لەسەر کوردو کوردستان، بە زمانی ئیتاڵی، لە سەدەی بیست چاپکراوە، نووسەر لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، لە 14 تەموزی 1958 زا وەک پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی دەگەڵتە بەغدا و یەکسەر ئاشنایەتی دەگەڵ دەزی کورد پەیدا دەکات، لەوکاتەوە وتارو ڕیپۆرتاژی لەسەر دەنووسە. لە کاتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی، لە یەکێتی سۆڤیەت لە 6 ئۆکتۆبەری 1958، دەزارە لە فڕۆکەخانەی بەغدا، لەگەڵ جەماوەرێکی زۆری کوردستانیان، کە بە پێشوازی لە سەرکەکیان هاتبوون، چاوەڕوانی دەکات و پاشان بە ماوەی 2 مانگ لە هەتێل سەمیر ئەمیس لە شاری بەغدا، شوێنی حەوانەوەی بارزانی، میوان دەبێت و بە چاوی خۆی ئەو کەس و شاندە کوردستانیانە دەبینێ کە بە سەردان و بەخێرهاتنەوەی بارزانی دەچوون. لەم کاتە دەزارە، یەکەم ڕۆژنامەنوسە، چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی دەکات و لە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا بڵاوی دەکاتەوە.

فانز مەریا دەزارە بە درێژایی 17 سال، لە 1958 تا ئاشبەتاڵی ئازاری 1975 بە بەردەوامی وتاری لەسەر شۆشی ئەیلول و بارزانی نووسیووە، لە بەغدا چاوی بە زۆربەی کاربەدەستەکانی حکومەت و ڕژێمەکانی عێراق کەوتووە، شاهیدێکی دگمەنی ئەو ململانێ، شۆ و موفاوەزات و ئاشتیە دوور و درێژانەی نێوان شۆشی ئەیلول و کاربەدەستانی بەغدایە.

فانز مەریا دەزارە جگە لە هەست و سۆزی بە گەلی کورد بە شۆوێکی بەسنور بە بارزانی سەرسام بوو. بارزانی بە داستان، قارەمان، سەرکردە، جەنگاوەر، شۆشگێر و باوکی ڕوحی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدا. بارزانی بە سەرکردەیەکی عەسکەری و سیاسەتوان، تاکتیکچی و ستراتێگێکی سەرکەوتوو دەناسێنی. کاتە باسی ڕەوشی نالەباری کوردستانی تورکیا دەکات و دەڵێ "لەبەر جولانەوە و

راپەرینی کورد نیە چونکە لەرە مەلا مستەفا بارزانیەک نیە". لە کاتی دروستبوونی بەرەی نیشتمانی – جەبهەی وەتەنی لە نەوان حیزبی بەعس و حیزبی شوعی، پ. د. ک. ناچیتە ناو ئەم بەرەیە، عەزیز محەمەد، سکرتێری پارتی کەمونیست رەخنە لە بارزانی دەگرێت وهیوای ئەوە دەخوازێ بارزانی رازیبکات بە ئەوەی پارتی بچێتە ناو ئەو بەرەیە، بارزانی دەلێ "عەزیز کەمونیستێکی بە ئەزموونە" و پێشیمان دەبێتەوە. دەزارێ دەلێ بارزانی، لەسەر ئاستی سیاسەتی نەودەولەتی، ژمارەیەک نوێنەرو دیپلەماتکاری شارەزاو لێهاتووی هەبوو و لە رێگەی ئەوانەوە ئاگاداری هەموو شتێك بوو، لە رێگەی ئەوانەش نامەی بە سەرۆک کەماری ولاتان و یو ئێن UN رەوانە دەکرد، نووسەر، بە زەری، ناوی کامەران بەدرخان و عیسمەت شەریف ڤانلی دەهێنێ.
ێیرە هەزار موکریانیم هاتوە بیر کە چۆن، لە چەشتی مجۆر، بە چەپ و بە راست مەدح و سەنای بارزانی کردووە ئەوهاش ڤانز دەزارە هەر بە پەزەتیف باسی مەلا مستەفا دەکات.
لەبەر ئەوەی بارزانی بە ماوەی 11 سال لە ئاوارەیی، لە یەکێتی سۆڤیەت، ژیاوە دەزارە، کە باسی بارزانی دەکات، بە ناوی جەنەرالی پێشەوی سوپای سووری سۆڤیەت، شێخی سەر، مەلای سەر و قارەمانی نەتەوەیی ناوی دەهێنێ.
دەزارە دەنووسێ بارزانی کاریگەری لەسەر هەموو سیاسەت و رووداوەکانی بەغدا و عەراق هەیە و هەبووە، لە هەموو وەزارەت و دامەزراوە عەسکەری و کون و قوژبنەکانی دەوڵەت، بە نهێنی، پیاوی خێی هەبوو و، پێشوەختە ئاگاداری پلان و نیاز و جولەی دەوڵەتی عەراق بوو.
دیارە ڤانز دەزارە لەم نووسینە پشتی بەو زانیارییانە بەستووە کە کوردەکانی نزیک لە بارزانی پێیاندراوە، لەبەرە ئەوە هەڵەی زەر زەری کردووەو نووسیووە، وێنەیەکی خەیالی بە بارزانی کێشاوە کە دوورە لە راستی.
دەزارە باسی چەند هەڵەیەکی بارزانیش دەکات، لەوانە هەوڵنەدانی جدی بە گەیشتن بە ریەکەوتن لەگەڵ عەبدول کەریم قاسم، رەوانەکردنی نامە و داوای یارمەتیکردن لە ئەمریکا لە سالی 1972 لەوکاتەی حکومەتی بەغدا لەسەر ئاستی نەوخە و جیهانی بەرەو بەهێزی دەچوو، نەدەبوایە لە ئازاری 1974 شێ دەست پێبکاتەوەو هەموو هەلبکان بخرێنە سەبەتەی ئێران و شا.
ڤانز دەزارە باسی سیاسەتی تاکەوی مەلا مستەفای نەکردووە، ئاماژەی بەوە نەداوە یان نەیزانیووە کە بە بەیاری بارزانی دەیان و سەدان کەسایەتی و رەبەرانی جولانەوی کورد کە لە بزووتنەوەکانیتری کوردستان بە هاوکاری و کەمەکی کورد هاتبوونە باشور تیرۆرکران یان

بە دیلی رادەستی موخابەراتی تاران و ئەنقەرە کران یان ناچار کران ناوچەکانی ژێردەستی شەش بەجی بهێلن روو لە بەغدا و دەروە بکەن. هەر بە بەیاری تاکلایانەی مەلا مستەفا چەندەها کەسایەتی و سەرک خێل و هەزەکان، لە باشور، تیەڕ کران یان لە زیندانە بە ناوەکان ژیانیان بەسەر بردو زەریشیان لەناو بردران.
زەر بەداخەوە مەلا مستەفا میراتێکی زەر خراپ و زیانبەخشی بەجێ هێشت، ئاوەکی پیس و بۆگەنی وای رژاند تا ئێستا کۆو نەوەکانی، زەر بە خراپی، پەی پیا دەخشێنن، لە سەرکوت و تیەڕکردن، لە گەندەلی و دزین و بە فیەدانی سەروەت و سامانی نیشتمانی، لە دەست تێکەلکردنی لە گەل دوژمنانی کورد و ... هتد سەد کەت لە بارزانی باوک تیان پەاندوە.
فەانز مەرییا دەزارە، لەم کتێبە، بە کورتی و خرایی باسی رووداوەکانی عەراق، لە دروستبوونەوە تا رۆژانی ئاشبەتالی، دەکات، بە حیزب و کەسایەتی و کودەتا و گرفتەکانی ئەو ولاتەمان ئاشنا دەکات. دەزارە، هەر ئەوکات، هەستی بە "نەفرەتی نەوت" کردووە کە تاکو ئێستا بەتە هەی تەاژیدیای کورد.
خالێکیتر کە دەزارە کە باسی دەکات بریتیە لە سیاسەتی روسیای قەیسەری و یەکێتی سۆڤیەت بە گەیشتنی بە ئاوە گەرمەکان، لە خەلیجی فارسەوە تا دەگاتە دەریای سپی ناوەاست، بە گەیشتن بەو ئامانجە دەزی کوردی بەکار هێناوە، لە کاتی کەماری مەهابادەوە تاکو ئێستا وا هەست دەکرێ کە ئەم سیاسەتە گەانی بەسەر نەهاتووە.
بە دەگمەن رۆژنامەنوسێکی غەیرە کورد، وەک دەزارە، ئەوەندە سالە موتابەعەی شەشی ئەیلول و بارزانیان کردووە. لەبەر ئەوە پەموایە ئەم کتێبە دەکومەنتێکی مەژوویی گرنگ و دەگمەنە، حەقی خەیاتی نەوەی ئێستا و دواەاتز ئاشنایەتی بەو کتێبە پەیدا بکەن و دەکرەت سوودی لەوەربگرن. کەموکورتی هەرە گەورەی فەانز دەزارە بریتیە لەوەی، جگە لە مەلا مستەفا، زەر بە دەگمەن باسی سەرکردەو کەسایەتیەکانیتری کوردستان دەکات، ئەو هەموو سالە لە عەراق، لە بەغدا، بووە و چاوی بە ژمارەیەکی زەر لە سەرکردەو سیاستەوان و رۆشنبیری کورد کەوتووە بەلام باسیان ناکات و ناویان ناهێنێ.
دەزارە لەم کتێبەکە ناوی "شەش" و "پەشمەرگە" ناهێنی، بەلکو بە جولانەوە، یاخیبوون، راپەین و شەو، چەکدار، شەکەر و جەنگاوەر ناویان دەبات بەلام ئەمە هەموو ئەو دەستواژانەمان بەکار هێناوە.
دوای سالانێکی دورودرێژ و چەندەها جار پیاچوونەوە بە تەرجەمە کوردیەکە بەیارمدا بیخەمە بەردەست و بلاوبکرێتەوە، ئەمەش نەبە بەیانی کەسکیتر تەرجەمەی دەکات. من هەولمداوە بە ئەمانەت و راستگۆیی دەقە ئیتالیەکە بکەمە کوردی، لەو شوێنانەی پەویستی بە

راستکردنەوەی ناوی کەس و شوێنەکان هەبوو ئاماژەم پێکردووە (وەرگێڕ یان و)، یان لە پێناوەزەکان ئاماژەی بۆ کراوە. کاتێک باسی دەزی کوردو کوردستان دەکرێت ناچاری باسی 4 دەوڵەت بکەیت، ناوی زۆر کەسایەتی و شوێنە جوگرافیەکان ببیت، ئەمەش کارێکی زۆر سەختە و پێویستی بە شارەزاییەکی فراوان هەیە، بۆ تایبەتی بە نیو سەدە پێش ئێستا. لەبەر ئەوە نووسەر، وەک رۆژنامەنوس نەک وەک کەسێکی ئەکادیمی و توێژەری مێژوویی، کەمێلێک هەڵەی کردووە، وەک گوایە بارزانی لەم ماوەیەی لە یەکێتی سۆڤیەت ژیاوە بە بەردەوامی پەیامی، لە رێگەی رادیۆ، بۆ کەمەلانی خەلکی کورد رەوانەکردووە تا هانیان بدات لەدژی حکومەتەکانی بەغدا، ئینقەرە، دیمەشق و تاران خەبات بکەن یان گوایە مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتی چەندەها شۆڕشی کردووە. ئەمە تا ئەو رادەو شوێنەی هەستمان پێکردووە و لە توانامانداو بووە ئاماژەمان بە زانیاریە هەڵەکان کردووە و راستمان کردونەتەوە و، هەموو پەراوێزەکانیش ئەمە، وەرگێڕ، دامان ناوە. لە ناو کتێبەکە ناوی دێیان و بە سەدان کەسایەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی هەیە کە نووسەر، لە دۆقە ئیتالیەکە، بە هەڵە ناوی هێناون و بۆیەک ناو ناوی بردوون، وەک، قاسم، عارف، شەواف، گەیلانی، ناسر، موفتی فەلەستین، خرۆشۆف و... هتد بۆیە هەوڵماندا وەناوکان وەک خۆیان، چۆن پێی ناسراون، ناوی سیانی، بنووسینەوە، بەشی زۆریان لەناو تێکستی کتێبەکە نووسیووە و بەشێکی کەمیش لە پەراوێزەکان داناوە.

پارتی و ئەم کتێبە

لە ١٦ تەموزی ٢٠٢١ لەگەڵ د. عبدالحکیم خەسرەو جۆزەل پەیوەندیەکی تەلیفۆنیم کرد و باسی ئەوەم بۆی کرد کە خۆریکی تەواوکردنی تەرجەمەی دوو کتێبی ئیتالیم بە سەر زمانی کوردی. من و د. دکتۆر عبدالحکیم، لە سالی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦ ئەوکاتەی گەڕامەوە هەرێم و لە زانکۆی سەلاحەدین، لە کۆڵێژی زانستە رامیاریەکان وانەم دەگوتەوە یەکترمان ناسی، بە من کەسێکی تا بڵێی بەڕێز، کەمەلایەتی و کوردیزانیکی زۆر باش و ئەکادیمەکی سەرکەوتووبوو، پەیوەندی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو. کاتی خۆی لە سالی ٢٠١١ بە خولەک هاتە ئیتالیا و لە شاری پیزە ماوەی ١٠ رۆژێک مایەوە، لەم سەردانە ئەم کتێبە و کتێبەکیتر لەسەر یەزیدیەکان، کە لە سالی ١٩٣٠ چاپکراوە، پێ نیشانداو زۆر کەیف خۆش بوو، پێشنیاری بە کردم و تەرجەمە کوردیەکەی بدەمە دەست یان بۆی ڕەوانە بکەم و لە هەوڵدر لە یەکێک لە دەزگاکانی سەر بە پارتی چاپ بکرێت بەڵام من هەر دوو

دە بووم و ووتم بیرەکی لە دەکەمەوە.
لە ١٦ تەموزی 2021 کە لەگەل د. عبدالحکیم قسەمکرد، کەسەکی زۆر قسەی خۆش و بە فیزە، بە پەکەنینەوە گووتی "ئەمن ئێستا بوویمە پیاوی دەسەلات و سکرتێری لیژنەی بالای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی"م لە ئەنجومەنی وەزیران. بە هەرحال وا رێکەوتین یان کتێبەکە یان بە چەند لاپەڕەیەک کتێبەکە بناسێنم. ئەوەبوو لە ٣٠ ئابی ٢٠٢١ بە نامەیەکی ٧ لاپەڕەیی لەگەل هەندی وێنە بۆم ڕەوانەکرد، دەتوانم بڵێم وەک ئۆم سەرگوزشتەیە بوو بۆلام باسی کەموکوڕی و خاڵە نەگەتیڤەکانی مۆلا مستەفام نەکردبوو. پاش چەند ڕۆژێک پەیوەندیمان بەیەکەوە کرد و گوتی "بە بارەگای بارزانی ڕەوانەکراوە" و خەیان پەیوەندیت پێوە دەکەن. لە ٢٩ ئەیلولی ٢٠٢١ کەسەک، بەناوی د. زکری موسا، ڕاوێژکار لە بارەگای بارزانی پەیوەندی پیوەکردم گوتی نامەکەت سپاردبوو بە کتێبەکە مایەی دەستخۆشیە و داواکارین تەرجەمە کوردیەکەمان بە ڕەوانە بکەی تاکو هەلسەنگاندنی بۆ بکەین. من و کاک زکری یەکترمان نەدەناسی، بە ڕێزەوە و لە دوورەوە لەگەل یەکتر قسەمانکرد. منیش لە وەلام و داواکەی کاک زکری گوتم هیچ کێشەیەک نیە بۆ مەرجەک بۆ ئیمەیل وەلامم بدەنەوە و بە فەرمی بۆ لەگەی بارەگای بارزانی یان دەزگایەکی چاپ داوا بکەن و منیش تەرجەمەکەتان بۆ ڕەوانە دەکەم، لە وەلام ووتی "بۆ سیقەت بۆ ئەمە نیە"، لە وەلام ووتم مەسەلە سیقە نیە، تەنها بۆ ئەوەی بزانم بۆ کوێی ڕەوانە دەکەم، بۆ ئەو مەبەستەش کورتە نامەیەکت بۆ ڕەوانە دەکەم، ئەگەر پێتان باشە یەکسەر بیخەنە سەر کاغەز بۆ لەگەی بارەگای بارزانی و بۆ ئیمەیل بۆم ڕەوانە بکەن وئەگەر گەریتان تکایە ناوەکە دەستکاری مەکەن. دیار بوو بۆ داواکەی من کەمێک سەخڵەت بوو. پاش تەلیفۆنەکە کورتە نامەکەم بۆ ڕەوانەکرد.
کاتێکی زۆری بەسەرچوو هیچ وەلامێک نەبوو، ناچار نامەیەکیترم بۆ کاک زکری موسا و د. عبدالحکیم خەسرەو ڕەوانە کرد و داوامکردبوو بۆ ئا و بۆ نا وەلامەکم بدەنەوە، ڕۆژی ٣ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ نامەیەکم لە بارەگای بارزانی و ڕاوێژکار، بۆ ئیمەیل، بەدەست گەیشت، تیایە نووسراوە:
"سەرەتا داوای لێبوردن دەکەین کە نەمانتوانی لە کاتی خۆی وەلامی نامەکەتان بدەینەوە..... ئەمە خۆشحالین و دەستخۆشی لە بەڕێزتان دەکەین کە بۆم کارێ گرنگە هەڵساون و کتێبەکەی گرنگی پێ لە دیکەمنتان لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد و شۆڕش لە زمانی ئیتالیەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. ئەم هەوڵە زانستیەی بەڕێزتان جێگەی پێزانینە. داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە نوسخە کوردیەکەمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بدرێتە لیژنەیەکی تایبەت بۆ هەلسانگاندن و دواتر

هەڵسەنگاندنەکە عەرزی جەنابی سەرۆک بارزانی بکرێت و بەیاری چاپی لێ بدرێت.
دووبارە داوای لێبوردنتان لێ دەکەین و هیوای کامرانیتان بۆ دەخوازین.
د. زکری موسا
ڕاوێژکار لە
بارەگای بارزانی"
ئاوبوو ڕۆژی ١٧ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ دەقە کوردیەکەم بۆ د. زکری موسا و د. عبدالحکیم خەسرەو ڕەوانە کرد و دەمودەست وەلامیان دایەوە کە بەدەستیان گەیشتووە.
لەو باوەڕدابووم دوای ٧ – ١٠ ڕۆژ وەلامەکم بدەست بگات بۆ تایبەتی بارەگای بارزانی باسی "لێژنەیەکی تایبەت لە کەسانی شارەزا لە مێژوو و شێوەی ئەیلول" کردبوو کەچی بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەنگ بوون، ڕۆژی 03/01/2022 نامەیەکی کورتم بۆ ڕاوێژکارەکە ڕەوانەکرد "ئەڕێ کەس کتێبەکەی خوێندەتەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە، ڕایان چی بووە، بۆ بلاوکردنەوە دەشێ؟".
ڕۆژی ٤ی مانگ یەکی ئەم سال د. زکری موسا بۆ کورتی وەلامی دایەوە "بەڵێ چەند بەڵێزێک کتێبەکەیان خوێندەتەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە. لە ڕەگەی بەڵێز دکتۆر عەبدالحەکیم خەسرەو لەم حەفتەیە وەلام بۆ جەنابتان دەنێردرێت". من، لای خەم، ئەو وەلامم بۆ نەگەتیف لە قەڵەمدا و یەکسەر بۆ د. عبدلحکیم خەسرەو ڕەوانەکرد بەو ئامانجەی کە تەلیفۆنم بۆ بکات و یان پێڵە لە وەلامە ڕەسمیەکە بکات.
سەرنج بدەن من ڕۆژی ١٧ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ دەقە کوردیەکەم ڕەوانەکرد، دوای ٤٧ ڕۆژ دەڵێن بەڵێ لێژنەیەک هەڵسەنگاندنی بۆ کردووەو لەم حەفتەیە وەلامت بەدەست دەگات.
ڕۆژی ١٦ مانگی یەکی ئەمسال، ٢٠٢٢، کورتە نامەیەکم بۆ د. عبدالحکیم خەسرەو ڕەوانە کردو سەراخی کتێبەکەم لە پرسی، ئاویش یەکسەر وەلامی دامەوە ووتی "بەشێکی کتێبەکەم خوێندەتەوە، لەم ڕۆژانە ڕای خەمت بۆ ڕەوانە دەکەم". منیش یەکسەر وەلامم دایەوە "کاک دکتۆر من پەویستم بۆ ڕای شەخسی تۆ نیە، ئەگەر ئەم لێژنەیە یان کەسانی شارەزا خوێندویانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە پەویستی بۆ هینان و بردنە نیە، من سوپاسی تۆ دەکەم، هەر کاتێک کتابەکە بلاوکرایەوە تۆ دەتوانی ڕای خۆت، لەسەر زمانی وەرگەرانەکە یان ناوەڕۆکی کتابەکە بۆ نووسین، وەک هەڵسانگاندنەکی ئەکادیمی دەربەی. ئەوەی پەیوەندی بۆ منەوە هەیە تەنها شێوەی وەرگەڕانەکەیە، ناوەڕۆکەکەی پەیوەندی بۆ نووسەرەکەوە هەیە".

لە ڕۆژی ١٦ شوباتی ٢٠٢٢، دوای یەک مانگ، د. عبدالحکیم کورتە نامەیەکی بۆ ڕاوانەکردم و داوای لێبوردن دەکەم ، ئەم ماوەیە زۆر مەشغولی بابەتی ..... بووم. بەڵێ تێبینیەکانم بەدەست گەیشتووە ... ئاگادار دەرفەتم بدەی لەم چەند ڕۆژە تێبینیەکان بۆ جەنابت دەخەمڕوو".
هەموو وڵام و دەرنگی و خۆ دزینەوە نیشانەی ئەوەیان پێوە بوو کە پارتی و بارەگای بارزانی ئەم کتێبە بە پڕۆتیف نابینن، بۆ زیانی بۆ سەر مەلا مستەفا و پارتیان هەڵسەنگاندووە ئاگادار نا زوو بۆ زوو وڵامیان دەدایەوە.
ڕۆژی ١٧ شوبات نامەیەکی دەنگیم بۆ د. عبدالحکیم خۆشەڕاو ڕاوانەکرد، من زۆر زۆر بۆ دەگمەن نامەی دەنگی ڕاوانە دەکەم، بۆ زمانەکی زۆر بڕیانە و دەستانە "داوای لێبوردنت لێدەکەم کە سەر ئێشەم بۆ دروستکردی، دیارە بارەگای بارزانی ئەم کتێبەی بۆ دە نیە و پێی باش نیە بلاو بکرێتەوە. من لێسەر سۆفەرم بۆ دەرەوەی ئیتالیا ئاگادار تا ٢٠ شوبات وڵامەکم بۆ ڕاوانە بکە ی باشە ئاگادار نا خۆت ماندوو مەکە و هیچم بۆ مەنووسە، تۆ دڵست و برایەکی ئازیزی منی".
لە ڕاستی من "هەڵیەکی گەورە"م کرد نەدەبوایە ئەم کتێبە بۆ پارتی ڕاوانە بکەم چونکە بۆ بنەماڵەی بارزانی مەلا مستەفا "هەڵی سورە" و وا دەزانن هیچ جۆرە کەموکوڕی و هەڵەیەکی نیە کەچی فرانز دەزارە هەرچەندە بۆ پڕۆتیف باسی دەکات جار جارەش ڕەخنەی لێگرتووە، کە باسی کەماری مەهاباد دەکات ئاماژە بۆ ناکۆکی نێوان پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا دەکات و داڵە "مەلا مستەفا بارزانی هەموو کەمەک و پشتگیری خۆی لە قازی محەمەد کۆشایەوە بۆتنها بۆجۆی هەشت". ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی بنەمالەی بارزانی بۆ نەگەتیف هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن و بۆ زیانبەخش بۆ سەر مێژوو و ژیانی مەلا مستەفا حیسابی بۆ بکەن. یان ئەوکاتەی فرانز دەزارە بۆ یەکەمجار چاوپێکەوتن "ڕووبەرو لەگەل بارزانی" دەکات بۆ پڕۆتیف باسی ناکات، بۆ تایبەتی ئاماژە بەوە دەکات کە مەلا مستەفا "لە وڵام و قسەکانی ڕاستگۆ نیە".
تاکو ئێستا هیچ وڵامێکیترم لە بارەگای بارزانی و د. عبدالحکیم خۆشەڕاو بەدەست نەگەیشتووە، تەنها بەدەنگی د.عبدالحکیم بۆ من مایەی نیگەرانیە، متمانەی زۆرم پێی هەبوو، نەک بۆ ئەو کتێبە بەڵکو لەسەر ئاستی دەستایەتی و کەمەلایەتی و ئەکادیمیش.
من بۆ ئەو کتێبە داوای هیچم نە کردبوو، یەک مەرجم بۆ نووسین و بۆ قسە بڕیتی بوو لەوەی "بۆ بۆ دەستکاری ناوەڕۆک و شێوە زمانەکە" چاپ بکرێت. لە نامەکەی یەکەمجار ئاماژەم بۆ چەند توێژینەوەو کتێبێکیتر کردبوو کە لە سەر دەزی کورد لە سەردەمی مەلا مستەفا، بۆ

زمانی ئیتالی، چاپکراون و دەکرێ هەولی کەکردنەوەو تەرجەمەکردنیان بدرێ.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان چی دەڵێ؟

دوای نەمانی پەیوەندی لەگەڵ "پارتی" وازم لە کتێبەکە هێناو لای کەس باسم نەکرد، ڕۆژی ١٦ ئازاری ٢٠٢٢ کاک سەرتیپ جوهەر، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی هەولێرو ڕەخنەگر لە سیاسەتی یەکێتی (لە نووسینەکانی هەست پێدەکرێ) پەیوەندی پێوەکردم و نزیکە ٧٠ خولەک باسی زۆر بابەت و ڕووداومانکرد، ڕاستی من و کاک سەرتیپ ئەوە یەکمجار بوو بەیەکەوە قسە بکەین. لە کۆتایی گفتوگۆکە باسی ئەو کتێبەم بۆکرد و ووتم دەکرێ لە دەزگاکانی یەکێتی چاپ بکرێت، لە وەڵام ووتی "چەند دەزگایەکی یەکێتی کاری چاپەمەنی دەکەن، ئەتو کتێبەکە ڕەوانە بکە و پاشان قسەی لەسەر دەکەین". من بە کاک سەرتیپم نەگوت کە بە پارتیم ڕەوانەکردووەو وەلامیان نەداوەتەوەو بە نەگەتیڤیان هەڵسەنگاندووە. ئەوەبوو ڕۆژی ٢٤ نەورۆزی ٢٠٢٢ بە ئیمەیل بەم ڕەوانەکرد و ڕۆژی دوایی بەی نووسیم "کتێبەکی زۆر باشە و خەریکی خوێندنەوەیم، قسەم لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی بیر و هوشیاری کردووە و ئەوان یان سبەی لێیان ڕەوانە دەکەم". هەمان ڕۆژ بەی نووسیم "ئەوە بە برادەرانی یەکێتیم ڕەوانە کردووەو تکام کردوە بە زوویی بیخوێننەوەو وەلامکم بدەنەوە بەڵام تکایە نەچیتە دەستی کەسانیتر، ئەگەر چاپی دەکەن یان نا خۆرا وەلامم بدەنەوە".
من وا بیرم دەکردەوە مادام بە دڵی پارتی نەبووە بە دڵنیایەوە دەبێ یەکسەر بە دڵی برادەرانی یەکێتی بێت، بە تایبەت کەسێکی وەک خەم وەریگێڕاوە، کە پێشمەرگەی یەکێتی بووم لە شاخ، لە ١٩٨١ لە ئیتالیا دەژیم و یەکێک لە چالاکوانەکانی یەکێتی و بە ماوەی ١٥ سال بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لە ئیتالیا و زۆریتیریش. لە دوای ڕوخانی بەعس، زوو بەڵام درەنگیش، هەستمکرد یەکێتی عەقڵی سیاسی نیە کەواتە ناتوانین باسی ئەرشیف و زانیاری، سەبارەت بە ئەندام و چالاکیەکانیان، لەو ڕەکخراوە بکەین.
ڕۆژی ١٥ نیسانی ٢٠٢٢ کورتە نامەیەکم بە کاک سەرتیپ جوهەر ڕەوانەکرد و پرسیم "ئەرێ هیچ سەرداوی کتێبەکەت بە دەست نەگەیشتووە؟".
وەلامی دایەوە ووتی "نە وەڵە بەڵام هەوڵدەدم بە زوترین کات وەلامت بدەمەوە."
ئەوکات ڕەمەزان بوو، جۆرنیش تەپڵەی هیچ وەلام نەبوو، ناچار ٩ ئایار نامەیەکی کورت کورتم بە نووسی "ئەرێ هیچ خەبەر نیە؟" وەلامی

دایەوەو زەر گلەیی و گازاندەی لە مەکتەبی بیر و هۆشیاری و هەموو یەکێتی هەبوو، دیسان داوای هەفتەیەکیتری کرد. ئەمنیش حەپەسان و سەرسوڕمانی خەم دەربڕی بەرامبەر ئەو رەفتارە و گوتم باشە و "با نیەش بێتە سەر دێیە" و هەفتەیەکی تریش چاوەڕوان دەکەم.
هەفتەکە بە زیادەوە تەپەی وەلام نەبوو، لە ٢١ ئایار دیسان داوای سەراخی کتیبەکەم کرد. وەلامی نەبوو، دیسان رۆژی ٢٤ ئایار هەمان کورتە نامەم بۆ ڕەوانە کردەوە، یەکسەر تەلیفۆنیکرد، پێی گوتم برادەرانی یەکێتی، لە "مەکتەبی بیرو هوشیاری" پێیان ڕاگەیاندووم ئەو کتێبە بە پێزانینی باسی مەلا مستەفا دەکات و ئەوەش بە سود و قازانجی بنەماڵەی بارزانی و پارتی دەشکێتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە بلاوی ناکەینەوە. بە نووسین ئەوەشی بۆ دوپاتکردمەوە. وتووێژێکی ٢٥ دەقیقەمانکرد و باسی زەرشتیترمان کرد. دیار بوو کاک سەرتیپ زەر هەستی بە ناحەتی دەکرد و چەند جار ووتی "من شەرمەزارم بەرامبەر بەتو".
